هۆشەنگ شێخمحەمەد
Hoshang72@yahoo.com

## زۆر جار لە بێزارییەوە خۆشم ئەوێی



لە برینێك ئەگەڕێم بتئێشێنیٚ

لە جوانییەك ئەگەڕێم بتخواتەوە

لە سوخمەیەك مەمكەكانت بشارێتەوە

ئەی رۆح خۆت .. ئەی تەبارەك خۆت

خەونم تۆی هەندێجار کە بەرووتی نوێژێکی مەستانە ئەکەیت و کەس نابینیت خواش نابینیت..

ئازارم تۆی هەندێجار کە مەستانە بۆ خوا ئەگرییێت و دووگردەکان ئەسووتێنی و فوو لە خوێنم ئەکەیت

عەشقم تۆی هەندێجار بەو هەموو برین و جوانی و خۆزگانەوە .. پێئەکەنی و شێتانە باسی من ئەکەی هەروەك ئەوەی باسی پیاوێکی وەحشی ئەکەی..



خوێنم تۆی هەندێجار رووسورانە لەبەرامبەر پەلکە مێویٚ دائەنیشی و باسی باران و مێکوك و هەور و سەراپای ژیانی خۆتی بۆ ئەکەی..



چیرۆکم تۆی.. هەندێجار شێواوانە شعر ئەڵێیت

و لاکێشانە جگەرە ئەکێٚشیت و تەڕ تەڕ وەك

هەورێکی بارگران لە بن باراندا بناڵێنی خۆت

ئەکەی بە بن جەستەمدا

من و تۆ و دووکەڵی جگەرە و باران .. رووت رووت  بە ناو یەکدیدا بۆ ئەبەد روو ئەچین..

هەندێجار نا کەمجار ئەبیتەوە ئەو چرا تاریکەش کە حەز لە رەنگ و رووناکی ناکات

کەمجار ئەبیتەوە ئەو دەریایەش حەز لە زەوی ناکات

کەمجار ئەبیتەوە بەو ژنەش حەز لە من و جەستەم ناکەی

کەمجار کەمجار .... ژنایەتی و خوێن لێك ئەتۆرێن وشەهوەت و ژەهریش وەك یەك نارژێن



کچیٚ لێگەڕیٚ با ئەوقسە قۆڕانە شاعیرێك بیکات کە هیچ لە تۆ نازانیٚ
کە هیچ لەو مەمکانە نازانیٚ
کەهیچ لەو خوێنە نازانیٚ
کەهیچ لەو گوشینە نازانیٚ .. کەهیچ لەو مژینە نازانیٚ



لێگەڕیٚ با ئەو باس جوانی بکات و ئێمەش جوان بین....

قوربانت بم
بۆچی نا .. دلۆپ دلۆپ لە باخێکەوە نەبمە ژەهر و لەسەر پشتی پەپوولەیەکەوە بتبمەوە ماڵی دووپشکێکی پیر
بۆچی نا ، لە سارایەکدا نەبمە شەهوەت و بەر ببمە گیانی لم و... زەوی خۆی تاوبدا..
بۆ چی نا.. دەریا بەدوام نەگەڕیٚ و داوا بکات زەوی چۆڵکەم

دەبا چۆڵیکەین ئەم زەوییە جوانە بەکەڵك ئێمەوە نایەت
ئێستا زەمەن بەدەستی سعاتەکانەوە نیە..
ئێستا رەنگی شوێن بەدەستی وەرزەکانەوە نیە

ئێستا تەنیامن و تۆ ئەتوانین .. لەو سەر زەوییەدا بە ئازادی جگەرەیەك بکێشین و لە ژوورە تاریکەکەشماندا بیٚ جلك بنووین و تێر تێر تەماشای یەکدی کەین و بەیەکەوە پێبکەنین وەك ئەوەی دوو شێت لە ژوورێکدا یەك ماچ ئەکەن؟

دە لێگەڕیٚ قوربان ئەوەشیان بۆ رۆماننووسێك لێگەڕیٚ کە زۆری حەزی لە مۆسیقایە و حەزی لە کچە و حەزی لە ڤینۆیە و حەزی لە من و تۆشە..
لێگەڕیٚ وەك ئەم دوونیا بیٚ سەروبەر و جوانە، ئێمەش قژمان بدەینە دەست با و باش بدەینە دەست دڵمان
رووناکیش بدەینە دەست رۆحمان
لێگەڕیٚ ئەو مەملەکەتە بیٚ ئێمەش هەر جوان و رازاوەیە وەك شەوەکانی رێحان
وەك ئاوازەکانی شالوور

لێگەڕیٚ ئێمە رەسمێکی وامان نیە بیدۆڕێنین و رەسمێکی واش لە دونیادا ببەینەوە

دەبا بڕۆین بەو هەموو جوانی و برین و عەشقەوە بڕۆین


کەمجار هەیە جوان جوان وتەڕ تەڕ و نەرم نەرم و شتی تر بیت.

ئیدی زەحمەتە من تۆ و جوانی و نەرمی و تەڕی و شتی دی پێکەوە کۆبینەوە.

هەمیشە مەسافەیەك .. هەمیشە ترسێك .. هەمیشە ڕێگرێك .. هەمیشە جودابیەك لە نێوان من و تۆدا هەیە و ئەو نەبێت ئێمە عاشق نابین..

هەمیشە کتابێك و هەمیشە باوەڕێك و هەمیشە مەبدەئێکیش لەنێوان من و تۆدا هەیە و ئەو نەبێت ئێمە ئەبین بەیەك

هەمیشە لە نێوان من و تۆدا خوێنێك .. خوایەك.. هەتاوێك هەیە .. کەوامان لێئەکات بڕژێین



بەسەر یەکدا و یەکدی ڕەوانەی جەهەنەم کەین

بڕۆ تۆ زۆر جار ڕۆیشتیت و .. منیش کەم جار چاوەڕێم کردوویت و زۆر جاریش گەڕاویتەوە و زۆر جاریش دەستت پێکردۆتەوە..

بڕۆ من و تۆش لەو زەوییە جوانتر نین ڕۆژانە پێی لێ ئەنێین .. من و تۆ لەو تاریکییە بەزەوقتر نین بە چرایەك میزاجی خۆی ئەگۆڕێ

بڕۆ تێکەڵی ئادەمییەکان نابین ئیدی

با لەگەڵ باران و خوا و گوڵ و ئەستێرە و هەور و چرا و گزنگ و هەناسەی ئەو کەونە گوێ لە خۆمان بگرین بە ڕوووتی

تەماشای خۆمان بکەین لە قاقادا

بگرین بەسەر ڕۆحماندا لەکاتی گەشانەوەی لەگەڵ ئێمەدا..

با بڕۆین گیانە ئێرە بە کەڵکی ئێمە نایە زۆر جار

کەمجار ئەڕۆین .. با بێ سوخمە هەڵتبگرم و بەو باخانەدا بتگێڕم و نیشانی باڵندەکانت دەم

هەرچی حەزی کرد با مەمکت ماچ کات

با بڕۆین و بەرووتی هەڵتگرم و بە پێکەنینەوە

من پێت بڵێم چەند بێ مانایت..

تۆش بڵێیت چەند بێ مانایت..

.. ئەی ئەی ئەی ئەی ی جوانی چەند بێمانایت..



زۆر جار من لە بێزارییەوە خۆشم ئەوێیت.